سوره 25: الفرقان

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا (1)

بەرزو پیرۆزو پاک و بڵندەئەو زاتەی کەجیاکەرەوەی (حەقەلەناحەق، واتەقورئانی) دابەزاندووەبۆ سەر بەندەی خۆی (محمد صلی اللهعلیەوسلم) تا ببێتەهۆشیارکەرەوەی هەموو جیهان (تا ڕاستیەکان ڕوون و ئاشکرا بن).

الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا (2)

ئەو زاتەی کەهەموو ئاسمانەکان و زەوی موڵکی ئەوەو هەر ئەو خاوەنیانە، کەسیشیّ نەکردووەبەکوڕی خۆی وەکەسی نەکردووەبەشەریک و هاوبەش لەمەودای موڵك و دەسەڵاتیدا، هەموو شتێکی دروستکردووەبەئەندازەو قەبارەو شێوەو تام و بۆن و ڕەنگ و جیاوازی هەمەجۆر...هتد (بەشێوەیەک کەپێویستیەکانی ئادەمیزاد دابین بکەن).

وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَاةً وَلَا نُشُورًا (3)

(موشریکەکان) لەجیاتی ئەو زاتەشتانێکی تریان کردووەبەخوای خۆیان کەهیچ دروست ناکەن و هیچیان پیّ بەدی ناهێنرێت، بەڵکو خۆیان دروست دەکرێن، (تەنانەت) ناتوانن سودێک یا زەرەرێک بەخۆیان بگەیەنن، هەروەها نەمردنیان بەدەستە، نەژیان، نەزیندووکردنەوە.

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاؤُوا ظُلْمًا وَزُورًا (4)

ئەوانەی کافرو بێ باوەڕن دەڵێن: ئەم (قورئانە، محمد صلی اللهعلیەوسلم) خۆی هەڵیبەستووە، کەسانی تریش یارمەتیان داوە، بەڕاستی ئەوانە(بەو گوفتارەیان) ستەم و بوختانێکی گەورەدەکەن.

وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا (5)

هەروەها دەڵێن: (ئەم قورئانە) داستانی پێشینەکانەو بۆی دەنوسنەوە، بەیانیان و ئێواران بۆی دەخوێننەوە!!

قُلْ أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا (6)

تۆ (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) بڵێ: ئەو زاتەی ئەم قورئانەی دابەزاندووەبەهەموو نهێنیەک دەزانێ لەئاسمانەکان و زەوی دا، هەر ئەویش هەمیشەو بەردەوام و میهرەبانە.

وَقَالُوا مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ لَوْلَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا (7)

(کافران) دەڵێن: ئەمەچۆن پێغەمبەرێکە، خواردن دەخوات و بەبازاڕدا دەڕوات و دەگەڕێت، بۆچی فریشتەیەك بۆلای دانەبەزیووە!!، تا ئەویش لەتەکیا خەڵکی بێدار بکاتەوەو (لەسەرئەنجامی سەرپێچی بیانترسێنێت!!.

أَوْ يُلْقَى إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا (8)

یاخود گەنجینەیەکی لەئاسمانەوەبۆ فڕێ بدرایە، یاخود باخ و باخات و بێستانێکی ببوایەو لێی بخواردایە، (بەڵکو) ستەمکاران دەڵێن: (بەئیمانداران): ئێوەشوێن پیاوێکی جادوولێکراو کەوتوون؟!

انظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا لَكَ الْأَمْثَالَ فَضَلُّوا فَلَا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلًا (9)

تەماشاکەو سەرنج بدە(لەو نەفامانە) چۆن نموونەو (بیانووت) بۆ دێننەوە، خۆیانی پێ گومڕا دەکەن و ڕێگەیەك (بۆ ڕزگاریی و ئاسوودەیی دنیاو قیامەت) نادۆزنەوە.

تَبَارَكَ الَّذِي إِن شَاء جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَلِكَ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًا (10)

(لەحاڵێکدا) ئەو زاتەمەزن و پیرۆزەزاتێکەکەئەگەر بیەوێ زۆر لەوەی کەکافران (پێشنیاردەکەن) چاکترت پێ دەبەخشێت..باخ و باخاتی (جوان و ڕازاوەت هەر لەدنیادا بۆ دەڕەخسێنێت) کەجۆگەو ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا بڕوات، هەروەها کۆشك و تەلاری (ڕێکوپێکیشت) پێ دەبەخشێت.

بَلْ كَذَّبُوا بِالسَّاعَةِ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِالسَّاعَةِ سَعِيرًا (11)

(ئەمانەی کەخوانەناسان دەیڵێن هەمووی بڕوبیانووە)، ئەگینا ئەوان بڕوایان هەر بەقیامەت نیە، ئێمەش ئاگری بڵێسەدارمان بۆ ئەو کەسانەئامادەکردووەکەبڕوایان بەقیامەت نیە.

إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍ بَعِيدٍ سَمِعُوا لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا (12)

کاتێ هەر لەدوورەوەئەو ئاگرەبڵێسەدارە(خوانەناسان) دەبینێت، دەنگی خەشم و قین و هەناسەی داخ لەدڵی دەبیسن.

وَإِذَا أُلْقُوا مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُقَرَّنِينَ دَعَوْا هُنَالِكَ ثُبُورًا (13)

هەرکاتێ ئەوانەبەکۆت و زنجیرەوەفڕێ دەدرێنەناو شوێنێکی تەنگەبەرەوە(لەدۆزەخدا) داوای مەرگ و تیاچوون دەکەن و مردن بەئاوات دەخوازن.

لَا تَدْعُوا الْيَوْمَ ثُبُورًا وَاحِدًا وَادْعُوا ثُبُورًا كَثِيرًا (14)

(ئەوسا پێیان دەوترێت) ئەمڕۆ یەکجار داوای مردن مەکەن، بەڵکو زۆرو بێشومار داوای بکەن و ئاواتی بۆ بخوازن!!

قُلْ أَذَلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ الْخُلْدِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ كَانَتْ لَهُمْ جَزَاء وَمَصِيرًا (15)

پێیان بڵێ: باشه، ئەو حاڵەچاکترە، یا بەهەشتی هەمیشەو بەردەوام کەبەڵێن دراوەبەخواناس و پارێزکاران، هەر دەمێکیشەئامادەکراوەبۆیان، کەپاداشتەو سەرئەنجام.

لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاؤُونَ خَالِدِينَ كَانَ عَلَى رَبِّكَ وَعْدًا مَسْؤُولًا (16)

لەو بەهەشتەدا هەرچی داوای بکەن بۆیان ئامادەیەهاوڕێ لەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا، ئەوەش بەڵێنێکەلەلایەن پەروەردگارتەوە خۆی بەرپرسیار کردووەلێی.

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ فَيَقُولُ أَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِي هَؤُلَاء أَمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبِيلَ (17)

ڕۆژێك کۆیان دەکەینەوەو هەموو ئەو شتانەی کەلەجیاتی خوا دەیانپەرست، ئەوسا (خوا ڕوو بەپەرستراوەکان) دەفەرموێت: ئایا ئێوەئەو بەندانەی منتان گومڕاکرد؟ یاخود خۆیان ڕێبازی (ڕاستیان) وێڵ کردو گومڕابوون؟.

قَالُوا سُبْحَانَكَ مَا كَانَ يَنبَغِي لَنَا أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَاء وَلَكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَآبَاءهُمْ حَتَّى نَسُوا الذِّكْرَ وَكَانُوا قَوْمًا بُورًا (18)

(لەوەڵامدا) دەڵێن: خوایە، پاکی و بێگەردیی بۆ تۆیە، هەرگیز ڕەوا نیەئێـمەجگەلەتۆ (کەسێک، یا شتێکی تر بپەرستین) یا بیکەینەپشتیوان و یاوەری خۆمان، بەڵام تۆ نازو نیعمەتت (بەو خەڵکەگومڕایە)و باوانیان بەخشیبوو، ئیتر هەموو یاداوەری و یادخستنەوەیەکیان فەرامۆشکرد، وەبوونەقەومێکی بێخێرو بێ فەڕ.

فَقَدْ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا نَصْرًا وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا (19)

(ئەوسا بەسەرگەردانەکان دەوترێت) ئەوەتەپەرستراوەکان گوفتاری ئێوەیان بەدرۆخستەوە، ئیتر نەدەتوانن (لەسزای خوایی) خۆتان دەرباز بکەن (نەدەتوانن) خۆتان ڕزگاربکەن، هەرکەستان ستەم بکات ئێمەسزایەکی سەخت و سامناکی پێ دەچێژین.

وَما أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ إِلَّا إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِي الْأَسْوَاقِ وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا (20)

ئێمەپێش تۆ (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) هیچ کەسێکمان لەپێغەمبەران ڕەوانەنەکردووەکەخواردنیان نەخواردبێت، یا بەبازاڕدا نەگەڕابن، ئێمەهەندێك لەئێوەمان کردۆتەهۆی تاقیکردنەوەی هەندێکی ترتان..ئایا خۆدەگرن و خۆڕاگر دەبن، بێگومان پەروەردگاری تۆ هەمیشەو بەردەوام بینایە(بەبەندەکانی).

وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءنَا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْمَلَائِكَةُ أَوْ نَرَى رَبَّنَا لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا (21)

ئەوانەی کەبەئومێدی ڕووبەڕووبونەوەو دیداری ئێمەنین دەڵێن: ئەوەبۆ فریشتەنایەت بۆ لامان (تا دڵنیا بین لەحەقیقەتی قورئان و پێغەمبەر) یاخود پەروەردگارمان بەچاوی خۆمان ببینین، بێگومان ئەوانەلەدەروونی خۆیاندا خۆیان زۆر بەگەورەدەزانن، زۆریش لەسنوور ترازاون و سەرکەشییان بێئەندازەیە.

يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلَائِكَةَ لَا بُشْرَى يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا (22)

ئەو ڕۆژەی کەفریشتەکان دەبینن (قوڕبەسەریان) هیچ جۆرەمژدەیەک بۆ تاوانباران نیە، (بەکزیی و کەساسییەوەلەترسا) دەڵێن: (ئاخ بۆ پەنایەک، دالْدەیەک!!

وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاء مَّنثُورًا (23)

کاتێ کەتەماشای کارو کردەوەکانیانمان کرد (هەمووی بێ سوودو تاوان بوو) بەربامان داو کردمانەتەپوتۆزێکی پەرش و بڵاو.

أَصْحَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلًا (24)

خاوەنانی بەهەشت لەو ڕۆژەدا جێگەو ڕێگەیان زۆر خۆش و ڕازاوەیەو، شوێنی حەوانەوەیان زۆر چاک و لەبارە.

وَيَوْمَ تَشَقَّقُ السَّمَاء بِالْغَمَامِ وَنُزِّلَ الْمَلَائِكَةُ تَنزِيلًا (25)

ڕۆژێك دێت ئاسمان وەک هەوری چڕو پڕ دەنوێنێت، وەفریشتەکانیش دادەبەزن دەستەدەستەو گرۆ گرۆ.

الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ لِلرَّحْمَنِ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى الْكَافِرِينَ عَسِيرًا (26)

ئەو ڕۆژەئیتر موڵک و دەسەڵاتداریی ڕاستەقینەبەدەست خوای میهرەبانە، بێگومان ئەو ڕۆژەڕۆژێکی زۆر سەخت و دژوار دەبێت بۆ کافرو خوانەناسان.

وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا (27)

هەر ئەو ڕۆژەستەمکار قەپ دەکات بەهەردوو دەستی خۆیداو گاز لەهەردوو دەستی دەگرێت (لەپەشیمانیداو) دەڵێت: خۆزگەلەگەڵ پێغەمبەردا ڕێبازی (ئیمانم بگرتایە).

يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا (28)

خۆزگەفلان کەسم نەکردایەتەهاوەڵ و دۆستی خۆم (چونکەسەری لێ شێواندم).

لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنسَانِ خَذُولًا (29)

بەڕاستی (ئەو نالەبارە) وێلی کردم لەبەرنامەی خوا دوای ئەوەی کەپێم ڕاگەیەنرابوو، بێگومان شەیتان هەمیشەو بەردەوام هۆی خەجاڵەت

بوون و شەرمەزار كردنی ئادەمیزادە(ئەگەر وریا نەبێت و ڕێبازی ئیمان نەگرێت).

وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا (30)

(دوای دووركەوتنەوەی ئوممەت لەقورئان) پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم سكاڵا دەكات و دەفەرموێت: پەروەردگارا بەڕاستی قەومەكەم وازیان لەم قورئانەهێناوەو پشتگوێیان خستووەو گرنگی پێ نادەن.

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا (31)

هەر بەو شێوەیەی (كەتۆ ئەی محمد دژایەتی دەكرێی) بۆ هەر پێغەمبەرێك دوژمنان و ملۆزممان لەتاوانباران فەراهەم هێناوە، (بەڵام دڵنیابەكە) پەروەردگارت بەسەكەڕێنموویت بكات و پشتیوانیت لێ بكات.

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً كَذَلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا (32)

كافرەكان (بیانوویەكی تریان گرت و) وتیان: ئەوەبۆ قورئان بەیەک كەڕەت بۆی ڕەوانەناكرێت، بێگومان ئێمەهەر بەو شێوەیەڕەوانەی دەكەین، تا دڵی تۆ زیاتر دڵنیا بكەین، بەردەوام بەجوانیی دایدەڕێژین و دەیگەیەنین.

وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا (33)

(خوانەناسان) هەر ڕەخنەیەكی (نابەجێ بگرن) ئێمە(گوێی پێنادەین و) بەردەوام حەقیقەت و ڕاستیت پێ ڕادەگەیەنین، وەبەجوانیی هەموو شتێكت بۆ ڕوون دەكەینەوە.

الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَى وُجُوهِهِمْ إِلَى جَهَنَّمَ أُوْلَئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا (34)

ئەو تاوانبارانە، لەسەر ڕوخساریان کێش دەکرێن بۆ دۆزەخ و تیایدا کۆدەکرێنەوە، ئا ئەوانەناخۆشترین جێگەیان هەیە، چونکەگومڕاترین ڕێبازیان (کاتی خۆی گرتبووەبەر).

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَجَعَلْنَا مَعَهُ أَخَاهُ هَارُونَ وَزِيرًا (35)

بێگومان ئێمە(کاتی خۆی) کتێبی (تەوراتمان) بەخشی بەموسا، هارونی برایشیمان کردەوەزیرو یاریدەدەری.

فَقُلْنَا اذْهَبَا إِلَى الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا فَدَمَّرْنَاهُمْ تَدْمِيرًا (36)

ئەوسا پێمان وتن: هەردووکتان بچن بۆ سەر ئەو قەومەی کەئایەتەکانی ئێمەبەدرۆ دەخەنەوەو بڕاوای پێ ناکەن (ئەوسا دوای ساڵەها سەرکەشیی و یاخیبوون) بەتوندوتیژیی لەناومان بردن (کەئەمەهەڕەشەیەلەهەموو سەرکەشان لەهەموو کات و شوێنێکدا).

وَقَوْمَ نُوحٍ لَمَّا كَذَّبُوا الرُّسُلَ أَغْرَقْنَاهُمْ وَجَعَلْنَاهُمْ لِلنَّاسِ آيَةً وَأَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا (37)

قەومی نوحیش کاتێ کەپێغەمبەرانیان بەدرۆ خستەوە(چونکەبڕوا نەبوون بەپێغەمبەرێک بڕوانەبوونەبەهەموویان) ئێمەنوقمی (تۆفان و لافاوەکەمان) کردن، وەکردمانن بەپەندو عیبرەت بۆ خەڵکی، وەسزایەکی بەئێشمان بۆ ستەمکاران ئامادەکردووە.

وَعَادًا وَثَمُودَ وَأَصْحَابَ الرَّسِّ وَقُرُونًا بَيْنَ ذَلِكَ كَثِيرًا (38)

قەومی عادو ثەموودو خاوەن چاڵ و بیرەکان، چەندەها قەومی زۆری تریش (کەخوانەناس بوون لەناومان بردن).

وَكُلًّا ضَرَبْنَا لَهُ الْأَمْثَالَ وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا (39)

بۆ هەموانیان نموونەمان هێنایەوە(ساڵەهای دورو درێژ پێغەمبەرەکەیان لەناویاندابوو، بەڵام کەهەر ڕێبازی کوفریان بەرنەدا) هەموانیانمان بەسەختیی لەناوبرد.

وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى الْقَرْيَةِ الَّتِي أُمْطِرَتْ مَطَرَ السَّوْءِ أَفَلَمْ يَكُونُوا يَرَوْنَهَا بَلْ كَانُوا لَا يَرْجُونَ نُشُورًا (40)

خۆ (قورەیشەکان و خەڵکێکی زۆر) سەردانی ئەو شارۆچکەیان کردووەکەبارانی سەخت و دژواری بەسەردا باری، ئایا ئاسەواری ئەو کاولکارییەنابینن؟ یاخود بەتەمای لێپرسینەوەو زیندووبوونەوەنین.

وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَذَا الَّذِي بَعَثَ اللَّهُ رَسُولًا (41)

کاتێک (خوانەناسان) تۆ دەبینن گاڵتەت پێدەکەن و (دەڵێن) ئا ئەمەیەکەخوا کردوویەتی بەپێغەمبەرو ڕەوانەی کردووە؟!

إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنَا لَوْلَا أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ الْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا (42)

(هەروەها دەڵێن) خەریک بوو لەپەرستنی خواکانمان وێڵمان بکات ئەگەر ئێمەخۆڕاگر نەبووینایەلەسەر پەرستنیان، جا لەداهاتوودا چاک بۆیان دەردەکەوێت، کاتێک کەسزاو ئازار دەبینن کێ گومڕاو سەرلێشێواوە؟!..

أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا (43)

ئایا نابینی ئەو کەسەی کەئارەزووی خۆی کردۆتەخوای خۆی (شوێنی نەفسی بەدکرداری کەوتووە) ئایا تۆ دەتوانیت ئەوانەبپارێزیت لەلادان و سەرکەشیی؟!

أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا (44)

ئایا وادەزانیت زۆربەی ئەوانەی ڕاستیەکان دەبیسن، یا بیرو هۆشیان دەخەنەکار؟ ئەوانەهەروەک ماڵات وان، بەڵکو گومڕاتریشن.

أَلَمْ تَرَ إِلَى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا (45)

ئایا نابینیت چۆن پەروەردگارت سێبەر درێژدەکاتەوە، خۆی کردووەبەهۆی گۆڕانکاریی لەسێبەردا (وەبەوهۆیەوەدیمەنی جوانی جۆراوجۆر بەدروستکراوانی دەبەخشێت).

ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا (46)

لەوەودوا بەشێنەیی ئەو سێبەرەبۆلای خۆمان دەگێڕینەوە(دیارەکەخوا دەیەوێت لەڕێگەی ئەو دیاردەیەوەزاتی مەزنی فەرامۆش نەکەین).

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ النَّهَارَ نُشُورًا (47)

هەر ئەو زاتەیەکەشەوی کردووەبەپۆشاک بۆتان وەخەویشی کردووەبەهۆی ماتیی و بێدەنگیی و ئارامیی، وەڕۆژیشی کردووەبەهۆی بڵاوبوونەوەو کارو کۆشش.

وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا (48)

هەر ئەو زاتەیەکەباوی شەماڵ دەنێرێت پێش ئەوەی (بارانی) ڕەحمەت بنێرێت، (بۆیەدەفەرموێت): هەر ئێمەین کەئاوێکی پاک و خاوێن لەئاسمانەوە(بەشێوەی باران و بەفرو تەرزە) دادەبەزێنین.

لِنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا (49)

تا بەهۆیەوەسەرزەوی نیشتمانی مردوو زیندوو بکەینەوەوەئاوی خواردنەوەدەبەخشین بەماڵات و خەڵکانێکی زۆر.

وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا (50)

ئێمەقورئانمان ڕاگەیاندووەو خستوومانەتەبەردەمیان تا یاداوەری وەربگرن، کەچی زۆربەی خەڵکی هەر ڕێبازی کوفر دەگرنەبەر، هەر شوێنی بێباوەڕیی دەکەون.

وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَّذِيرًا (51)

خۆ ئەگەر بمانویستایەبۆ هەر شارو شارۆچکەیەك (پێغەمبەرێک و یادخەرەوەیەکمان ڕەوانەدەکرد.

فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا (52)

(تۆ ئەی پێغەمبەر بەردەوام بەلەسەر گەیاندنی پەیامەکەت) وەبەگوێی کافران مەکەو ملکەچیان مەبە، وەبەم (قورئانە) هەوڵ و کۆشش و خەباتێکی گەورەیان لەگەڵدا بکە.

وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا (53)

هەر ئەو زاتەیەکەئاوی دوو دەریا یا دوو ڕوبار لەپاڵ یەکدا (وەک خۆیان دەهێڵێتەوەو تێکەڵ نابن، چونکەچڕییان جیاوازە)، ئەمەیان شیرین و خۆش و سازگار، ئەوی تریان خوێیەکی ناخۆش و تاڵ، وەلەنێوانیاندا بەربەست و کۆسپی فەراهەم هێناوەنایەڵێت تێکەڵ ببن (نایەڵێت ئاوی سارد تێکەڵ ئاوی گەرم ببێت، وەئاوی کانزایی تێکەڵ ئاوی سارد ببێت...هتد).

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاء بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا (54)

هەر ئەو زاتەیەکەلەئاوی (مەنی) بەشەر دروست دەکات (لوەودواش زۆربەی پێکهاتەی لەشی هەر ئاوە) وەکردویەتی بەهۆی خزمایەتی (لەڕێگەی پیاوەوەکۆمەڵێک خزم دروست دەبێت هەروەها لەڕێگەی ئافرەتەوەکۆمەڵێک، بێگومان پەروەردگاری تۆ بەردەوام دەسەڵاتی بێ سنوورەلەهەموو بوارێکدا).

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ وَكَانَ الْكَافِرُ عَلَى رَبِّهِ ظَهِيرًا (55)

(ئەو خوانەناسانە) لەجیاتی خوا کەسانێک یا شتانێک دەپەرستن کەنەسوودیان پێ دەگەیەنێت نەقازانج، وەهەمیشەو بەردەوام کافرو بێ باوەڕ دژ بە(بەرنامەی) پەروەردگاری دەوەستێت.

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (56)

(ئەی محمد صلی اللهعلیهوسلم) تۆمان ڕەوانەنەکردووە، مەگەر بۆ ئەوەی مژدەدەر (بیت بەئیمانداران) ترسێنەربیت (بۆ کافران).

قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِلَّا مَن شَاء أَن يَتَّخِذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلًا (57)

(بەو خەڵکە) بڵێ: من هیچ کرێ و پاداشتێکم لەئێوەناوێت جگەلەوەکە(ڕێنیشاندەرم) بۆ ئەو کەسەی کەدەیەوێت ڕێگەبەرەو لای پەروەردگاری بگرێتەبەرو (مەبەستی ڕەزامەندیی ئەو بێت).

وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لَا يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِ وَكَفَى بِهِ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا (58)

تۆ (ئەی محمد صلی اللهعلیهوسلم، ئەی ئیماندار) پشت ببەستەبەو زاتەی کەهەمیشەزیندووەو هەرگیز نامرێت، بەردەوام تەسبیحات و سوپاس و ساتیشی بکە، ئەوەندەبەسەبۆ (سەلماندنی دەسەڵاتی ئەو زاتە) کەبەهەموو گوناهەکانی بەندەکانی ئاگایەو (هیچی لێ پەنهان نیە).

الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا (59)

ئەو زاتەی کەلەئاسمانەکان و زەوی و هەرچی وا لەنێوانیاندایەلەماوەی شەش ڕۆژدا دروستی کردووە، لەوەودوا لەسەر عەرش و تەختی فەرمانڕەوایی وەستاوە، خوا پەروەردگارێکی میهرەبانە، (بۆ تێگەیشتن لەوەردەکاریی و گرنگی بەدیهێنراوەکانی لەجیهانی ئەستێرەکان و کۆمەڵەی خۆرو ئادەمیزادو گیانلەبەران و ڕووەک و ...هتد) لەکەسێکی ئاگاو زانا بپرسە!!

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا (60)

ئەگەر (بەخوانەناسان) بوترێت سوژدەو (كڕنوش) ببەن بۆ خوای میهرەبان، (ئەو نەفامانە، بەسەرکەشییەوە) دەڵێن: ڕەحمان كێیە، خوای میهرەبان کامەیە؟ سوژدەبەرین بۆ کەسێک کەفەرمانمان پێ دەدا؟! تا ببێت زیاتر تەرەدەبن و وێڵ دەبن.

تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا (61)

زۆر گەورەو مەزنەئەو زاتەی کەلەئاسماندا هەسارەو ئەستێرەی گەورەگەورەی بەدیهێناوە، هەروەها چرایەکی (پرشنگدار، کەخۆرەو) مانگێکی ڕووناکیشی (بۆ زەوی دابینکردوە).

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا (62)

خوا ئەو زاتەیەکەشەوو ڕۆژی بەشوێن یەکدا ڕێکخستووە(فرسەتە) بۆ ئەو کەسەی کەدەیەوێت یاداوەری وەرگرێت، دەیەوێت سوپاسگوزاریی ئەنجامبدات.

وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا (63)

بەندەکانی خوای میهرەبان ئەو کەسانەنەکەزۆر بەسەلاریی بەسەر زەویدا دەڕۆن، وەکاتێکیش کەنەفامان (بەقسەو قسەڵۆکی ناخۆش بەرەنگاریان دەبن) دەڵێین: سڵاو (خۆیان لەشەڕیان دەپارێزن).

وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا (64)

ئەوانەی کەشەوگار بۆ پەروەردگاریان بەسوژدەوەستاون و (نوێژ) دەبەنەسەر.

وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا (65)

ئەوانەی کەدەڵێن: پەروەردگارا سزای ئاگری دۆزەخمان لێ لادەو (پەنامان بدە) چونکەسزاو ئازاری لەکۆڵ نابێتەوەو بەردەوامە(بۆ خوانەناس و یاخییەکان).

إِنَّهَا سَاءتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا (66)

بەڕاستی شوێن و نیشتەجێیەکی زۆر ناخۆش و ناسازە(ئاهو ناڵەو پەشیمانی بێ سنوور بۆ ئەو کەسەی لەناویدا گیردەخوات).

وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا (67)

(هەروەها بەندەکانی خوای میهرەبان) ئەوانەن کەکاتێك ماڵ و سامانیان دەبەخشن و خەرجی دەکەن، نەزیادەڕەویی تیا دەکەن و بەزایەی دەدەن، نەدەست نوقاوو ڕەزیلیشن، بەڵکو لەو نێوانەدان و (مام ناوەندین و لەشتی بەسودا بەکاری دەهێنین).

وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا (68)

ئەوانەی کەهیچ جۆرەهاوەڵ و شەریکێک بۆ خوا بڕیار نادەن، کەسیش ناکوژن کەخوا کوشتنی حەرام کردبێت مەگەر لەسەر حەق و ڕەوا، هەروەها زینا ناکەن و (نزیکی ناکەون) ئەوەی ئەو جۆرەکارە(خراپانە) ئەنجام بدات تووشی سزاو ئازارو ڕیسوایی دەبێت.

يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا (69)

لەقیامەتیشدا ئازارو سزای بۆ چەند بەرابەر دەکرێت و بەزەلیلی و خەجاڵەتی و ڕیسواییەوەدەبێت ژیانی تیا بەرێتەسەر.

إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (70)

مەگەر ئەو کەسەی کەتەوبەبکات و باوەڕ بێنێت و کارو کردەوەی چاکەئەنجام بدات، ئەو جۆرەکەسانەخوا کارو کردەوەخراپەکانیان بۆ

دەگۆڕێ بەچاکە، چونکەهەمیشەو بەردەوام خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە(بەرانبەر خەڵکیی بەگشتی، وەئەو جۆرەکەسانەبەتایبەتی).

وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَابًا (71)

جا ئەوەی کەتەوبەدەکات و کارو کردەوەی چاکەئەنجام دەدات، ئەوەتەوبەکەی هەر لەپەروەردگار داواکردووە، ئەویش تەوبەی (ڕاست و دروست وەردەگرێت).

وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا (72)

(بەندەکانی خوای میهرەبان) ئەوانەشن کەشایەتی ناحەق نادەن و ئامادەنین کەلەشوێنێکدا ئامادەبن کەشایەتی ناحەقی تیا ئەنجام دەدرێت، کاتێک کەبەلای گەمەو گاڵەو چەپۆکانی (نەفاماندا) تێ دەپەڕن، بەهێمنی و لەسەر خۆیی و سەربەرزییەوەتێدەپەڕن.

وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا (73)

هەروەها ئەوانەشن کەکاتێ بەئایەتەکانی پەروەردگاریان بێدارکرانەوە، هەروا بەکەڕیی و کوێری بەلایدا تێناپەڕن (بەڵکو تێدەفرکن و لێکی دەدەنەوەو پاشان پەیڕەویی دەکەن).

وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا (74)

ئەوانەشن کەدەڵێن: پەروەردگارا لەهاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشەکەببنەمایەی ڕووناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان، وەبمانکەبەپێشەوای پارێزکاران.

أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَامًا (75)

ئەو جۆرەکەسانەی (کەباسکران) پاداشتیان ژوورە(ڕازاوەو خۆشەکانی بەهەشتە) لەبەرانبەر خۆگرتن و ئارامگرتنیانەوەوەبەسڵاوو درووود پێشوازییان لێدەکرێت (بۆ هەمیشەدەحەوێنەوەتیایدا).

خَالِدِينَ فِيهَا حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا (76)

لەناو ئەو بەهەشتەدا ژیانی کامەرانیی بەردەوام دەبەنەسەر، بەڕاستیی جێگەو ڕێگەو نیشتەجێیەکی خۆش و سازگارو ڕازاوەیە.

قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا (77)

پێیان بڵێ: (خەڵکینە) پەروەردگارم هیچ گوێتان پێنادات و نرختان بۆ دانانێت، ئەگەر دۆعاو نزاو خواپەرستیتان نەبێت، کەچی زۆربەتان هەر بەرنامەی (پەروەردگار) بەدرۆدەخەنەوە(ئەگەر بەردەوام وابن) ئەوا سزاو تۆڵەی خوایی لەئاییندەدا یەختان پێ دەگرێت و لەکۆڵتان نابێتەوە.